# شەپۆلی ڤۆلگا

مامەند جەهانمیهەن

دەمبینی جاروبار لەگەڵ ئەم و ئەو سرت و خورتی دەکرد و خۆی لە چیڕەوە دەبرد و دەستی ڕادەوەشاند، دەیانگوت کوڕێکی وریا و زیرەک و خوێندەوارە بەڵام وەدوای ڕێبازێکی چەپ و چیڕ و لار کەوتووە.

هەر تۆزێک لەمن باوی خۆشتر و هەراشتر بوو، چاکم لەبیرە، کوڵکەسەر و پرچی لوول و ئاڵۆزی دەتکوت پنجەگوێنییە بە سەریەکدا کەوتووە، زۆر خاکی و خۆماڵی خۆی دەنواند و بەرزەدەماخی نەدەزانی و بە نازناوی خۆی نەدەنازی، گۆیا باوکی ئەفسەری پلەبەرزی ئەرتەش بوو و لەم ساڵانەی دواییدا خانەنشین کرابوو.

سەرێک هات و چوو و وەک زۆر کەسی تری ئەو سەردەمە لە ناکاو گوم بوو و بێسەر و شوێن چوو، کوتیان گەڕاونەوە "سنە"، کوتیان" تودە" یی بوون بەرەو "سۆڤیەت" هەڵاتوون.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤، لە ئێوارەیەکی تاریک و ساردی ویشکەبەندی زستان، لە شەوئاهەنگی ساڵی نوێدا لەگەڵ ئاشنایەک بەرەوڕووم هات و خۆی پێناساندم، باڵتۆیەکی چەرمی چەرکەسی ئەستووری لەبەر دابوو، زۆر گۆڕابوو، تاری مووی پێوە نەمابوو و سەری وەک هەسان خز و لووس ببوو، دوو کچی

مێرمنداڵی کرچ و کاڵی لەگەڵ بوو، خێزانیشی کە ژنێکی ڕووسی بوو زۆر بەڕێزەوە هاتە پێش و چاک و چۆنی لەگەڵ کردم.

دوای ئەم ڕۆژە چەندجار سەردانم کرد و ئەوجارەی ماڵی گوێزتەوە یاریدەم دا و دواتر پێیەوە چووم، ئەو ڕێک بە پێچەوانەی خێزانی کە سڕ و سارد و نەدوێ بوو، تەنیا دڵی تەنگی بە هاودەنگی و دواندنی دۆست و یارانی دەکرایەوە.

جارێک لەنێوان قسەکانیدا گێڕایەوە کەئەویش لە سەرەتای چوونی بۆ سۆڤیەت دا دەستەنگی تەنگی پێهەڵچنیوە و ئاستەنگی هێناوەتە سەر رێگا و بەناچار خوێندنی وێڵ کردووە و سەرێک سێوی ڕنیوە و دواجار لە باخەڕەزێک بۆ کارگەی شەراب ڕەزی چنیوە.

لەم هاتو چۆیەدا لەگەڵ کچێکی گوندی پێوەندی گرتووە و زۆری خۆش ویستووە و بەڵام کاری قورس و گران، هەدادانی لێهەڵگرتووە و شان و پیلی جەمام و دەست و پلی دڵۆی هەڵداوە و پۆڕگی دەرکردووە، بەجۆڕیک لەکار وەڕەز و بێزار بووە، ئەوجار کە ڕێگای لە شار کەوتۆتەوە هەرگیز بەو ناوەدا نەگەڕاوەتەوە.

سەرێک بەهۆی گرفتی ژیان و هەڵوەدابوون بەدوای ناندا ئاگام لێی نەما، ئەوجار بیستم کە زۆر نەخۆشە و دەستیان لێ شۆردۆتەوە و چارەی نایە و بۆ مالیان ناردۆتەوە.

که چوومە سەردانی سەرم سوڕ ما، تەنیا چنگێک پێست و ئێسقان نەبێت هیچی لێنەمابۆوە، گۆیا هەر دەرمانێکیان پێدەدا کاریگەری نەبوو.

ئەوە چ دەرد و نەخۆشینێک بوو کەوا بێ ترس و پەروا خاشەی دەرمانی دەکێشا؟

هەر ئەم ڕۆژانەی کلکەی پاییز بوو کە لە گەشتی ڕووسیا بۆ سەردانی خەسوو و خەزووری گەڕابۆوە، پێش ئەم دیدار و سەردانە، هیچ ئێش و ژان و نیشانەیەک لە نەخۆشی هەست پێنەکردبوو.

ئێوارەیەک لەگەڵ خێزانی لەشار وەدەرکەوتبوون و بە ڕێکەوت ڕێگایان لەم کارگە و باخەڕەز و ئاواییە کەوتبوو کە ٢٥ ساڵ لەوەپێش کاری لێکردبوو.

گێڕایەوە و کوتی: کۆتایی ڕەزبەر بوو، نیزیک و دوور ئەوەندەی چاو بڕی دەکرد، ژن و پیاو و پیر و لاو وەک مەل و موور بەم شیو و دۆڵ و لاپاڵ و سەریاڵانەدا بڵاو ببوون و خەریکی ڕەز چنین بوون.

لە پێچ و گەوی ڕێگا بە بیانووی سیگار کێشان لامدا و لە خێزانم دوور کەوتمەوە، دارتووە کلۆر و ناوقەد هڵۆڵەکەم ناسیۆە، پیاوێکی شڵەی گڕوێ لە کەناری ڕێ، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئوتوبووسەکەی دێ وەستابوو، دوای چاک و چۆنی خەریک بوو بڕۆم و تێپەڕم کە چاوم بە گڵکۆی تەنیشت کابرا کەوت.

ناو و نابانگیم ناسێوه، "وڵگا"، ئەم کیژەی لەچاوەڕوانیدا و بە دەم دەرد و ئازارەوە گیانم کێشا، ئەو فریشتەی بواری ئەوەم پێنەدا لە بەر و بۆی درەختی ژیان بخوا.

ئیتر لەتاوان وێک هاتمەوە و لە بەر پێیدا چۆکم دادا و بە دابی خۆیان چەند جار ڕاست و سەرەوخوار پەنجەم بەسەر سینەم کێشا، خەریک بوو دەبوورامەوە و هەناسەم بۆ نەدەکێشرا.

ڕووم لە کابرا کرد و پرسیم ئەوە گۆڕی کێیە.

-ئەوە ئارامگەی کچێکی نازدارە کە بەخت لەگەڵی یار نەبوو و ڕۆژگار لاری لەگەڵ کرد و حەزی لە کوردێک کرد کە لێرە کاری دەکرد، کوڕە سەری خۆی هەڵگرت و بەجێی هێشت و گوم بوو، ئەم کچەش بەم ڕۆژگارە لەم سەر یاڵە دادەنیشت و چاوەڕوانی دەکرد.

تا بەخۆی زانی کە دووگیانە، ئەوجار شارە و شار بەدوایدا دەگەڕا، جارێک دوورادوور دیبووی بەڵام بۆ بەختی ڕەشی ڕێک لەو کاتەدا ماشێنێک بە نێوانیاندا ڕۆیشتبوو، تا ماشێن تێپەڕ ببوو، کوڕە لەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا لەبەر چاوی گوم ببوو.

ئیتر گەڕایەوە ئاوایی و بەم ڕۆژگارە لەسەر ئەم یاڵە چاوەڕوانی دەکرد. کورە نەگەڕایەوە و کچەکەش لە کاتی منداڵبووندا بەسەر منداڵەوە چوو.

- ئەی منداڵەکە چی لێ بەسەر هات؟

-کوڕێکی بوو، باپیره و نەنکی وەخۆیان گرت و گەورەیان کرد، ئێستا لێرە شوانی گوند و ڕانەمەڕە و هەر بەناو باوکیانەوە کردووە و ناوی "نادر"ە.

هاوار و قیژەی ژنەکەم کە پەلەی بوو بەرەو شار بگەڕێینەوە وەهۆشی هێنامەوە، سوار بووین و وەڕێکەوتین، خێزانم ماشێنەکەی لێدەخوڕی و منیش لە تەنیشتی لەناخی خۆمدا وەجۆش هاتبووم و دەکوڵیم.

لە دەرئاوی ئاوایی بەسەر ڕانەمەڕیکدا کەوتین کە دەبوایە چاوەڕێ بین تا تێپەر دەبن، کوڕێکی لاو بە باوەشێک پرچی خورمایی خاو کە چین چین بەسەر یەکدا کەوتبوون بە پێش ماشێنەکەی ئێمەدا تێپەڕی، ڕێک زانیم خۆیەتی و خەریکبوو هاوار کەم وەک منداڵ بەدوایدا ڕاکەم و بگریم، هێندەم لێ ڕوانی تا ئاوڕی لێ داینەوە و دەستی بۆ هەڵبڕین، جگە لەوە نەموێرا خۆم ئاشکرا کەم.

کاک نادر بەیەکجاری دەستی لە ژیان بەردابوو، دانەدانەی ڕووداوەکانی ژیانی وەک داو بەیەکەوە بادرابوو و هۆندرابوو و وەک گوریسێکی ئەستوور لە گەردنی هاڵابوو.

پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێبکەم بۆ دواجار بەجێی بێلم کوتی: ڕۆژگارێک من ڕێک وەک ڕەوە ئاسکێکی تێر، لە پێدەشتێکی بژوێن و زنوێر، وا مەست و سەرخۆش بووم کە هەر دەگەڕام و سمکۆڵم دەکرد و سەرگوڵم دەخوارد و تێدەپەڕیم . بەڵام ئێستا گومانم نییە کە من تازە دەستم بە پۆپەی ئارەزوویەکانم ڕاناگا،

بڕوات هەبێت ئابرا ، من هیچ دەردێکم نییە و تەنیا شەپۆڵی سەرشێتی وڵگا لەناکاو لە دڵمی دا.

* تودەیی= شیوعی.

** ڤۆڵگا= ڕۆباری وڵگا ، ناوی کچ.